

# شێوازە تازەکانی وێنەی هاوسەری

وێنەی هاوسەری یەکێکە لە جوانترین یادگارییەکانی ژیان کە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، وێنەی هاوسەری بۆتە نەریتێکی باو لە کاتی زەماوەند و ئاهەنگدا، پسپۆڕان لە پێگەی فێریلس فۆتۆگرافەر، چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگارییان داناوە بۆ کچان و کوڕانی دەستگیراندار و ئەوانەی لە سەروبەندی ژیانی هاوسەریدان، کە بریتین لە: ماوەی (هەفتەیەك تا دوو هەفتە) بەر لە زەماوەند وێنەکان بگیرێن، وا چاکە وێنەکان لە ڕۆژ و کاتی زەماوەندا نیشانی ئامادەبووان بدرێن، هەروەها پێویستە لە لاسایی و وەرگرتنی شێوازی کەسانی دیکە بە دوور بن، واتە بە ئاوات و خواستی کچ و کوڕە بێت، تا دیمەن و شێوازێکی تازەی وێنەگرتنی هاوسەرییان بگرن، مەرج نییە لە وێنەی هاوسەریدا تەنیا بووك و زاوا بن، دەکرێ کەسوکار و ماڵ و کەرەستەکانیان لە وێنەکاندا دەربچێت، هەروەها لەو شوێنە فەرمییانە بە دوور بن کە بەناوبانگ و دیارن، شوێنی وێنەگرتنەکە گرنگترین بەشی وێنەی هاوسەرییە. لەلایەکی دیکەشەوە نابێ لە وێنەکاندا تەنیا پێکەنینێکی دەستکرد هەبێ، بەڵکو واچاکە هەندێ لە وێنەکان لە کاتی بێئاگایی بووك و زاوا بێت، تا سرووشتی و سادەییان پێوە دیاربێت، هەروەها مەرج نییە لە وێنەکان وەستا بن، دەکرێت وێنەکان بە دانیشتوویی، یان ڕاکشان، یان دانیشتنی سەرمێز بێت.

# گوڵزاری ڕەنگەکانی ماڵەکەت



وەرزی بەهار ڕەنگاوڕەنگە، گژوگیا و دەشت و دەر بە ڕەنگی گوڵ و داروبارەکان ڕازاوە دەبن، ئەو جوانییەی لە سرووشتدا هەیە، هەمووان سەرسام دەکات، بوونی گوڵ و گوڵزارە ڕەنگاوڕەنگەکان کەشێکی سرووشتی بە باخچە و ماڵەکەت دەبەخشێت، وەك خانمێکی لێهاتوو دەتوانی بە کۆمەڵێك گوڵی سرووشتی و دەستکرد ماڵەکەت بڕازێنیتەوە، سەرەتا پێویستە بیر لەو شوێنانە بکەیتەوە کە تەسکە، وەك سەر مێز و ڕوکنی تەنیشت قەنەفە و باڵکۆن و سەر لێواری پەنجەرەکان، ئەوانە دەستنیشان بکە، بۆ ئەوەی مەرکانە و تاجە گوڵینەیەکی جوانی لێ دابنێیت، بوونی گوڵ و گوڵزارەکان لە ماڵەکەتدا جگە لەوەی دیمەنێکی جوان دەبەخشێ و ڕۆڵی پاککردنەوەی هەوای ماڵەکەت دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها بۆن و بەرامێکی خۆشیشی دەبێت، ئەگەر توانای خزمەتکردن و دابینکردنی گوڵ و گوڵزارت نەبوو، دەتوانی دیوار و بەشەکانی دیکەی ماڵەکەت بە پەڕی شێوەی گوڵ، یان وێنە و نەخشی گوڵ و گوڵزارەکان ڕازاوە بکەیت، یان دەکرێت کەرەستەکانی ماڵەکەت لە گوڵ و داروبار بێت، وەك کەرەستەکانی نووستن و سەرمێز و پەردەی پە نجە ر ە کا نی ماڵ.





# گرنگی و پێویستیی چاویلکەکان لە وەرزی بەهاردا

لە وەرزی بەهاردا تیشکی هەتاو بەهێز و بەتین دەبێ، بەتایبەت خۆری ئەو وەرزە نادیارە و ڕەنگە لە ڕۆژێکدا چەندین جار بکەویتە ژێر هەور و دەربکەوێتەوە، بۆ پارێزگاری لە چاوەکانت و پاراستنی پێستی ژێر چاو پێویستت بە چاویلکە دەبێ، بەتایبەت لە کاتی دەرچوون و گەشتوگوزار، یان ئەو کاتانەی کارێکی گرنگی دەرەوەت دەبێت. وەك دەزانین تیشکی هەتاو کاریگەریی لەسەر گرژبوون و کرانەوەی ڕوخساری مرۆڤ دەبێت، کاتێك تیشکی هەتاو بەر ڕوخسارت دەکەوێت و چاوەکانت ناکرێنەوە، بەم چەشنە بە گرژی دەردەکەوێت، هەروەها ژێر چاوەکان وردە وردە چرچ و لۆچبوونی پێوە دیار دەبێت، وێڕای ئەوەی چاویلکە بەشێکی گرنگی ئێکسسوارەکانە، بەڵام گرنگە بزانیت چ جۆرە چاویلکەیەك بۆ ڕوخسارت هەڵدەبژێریت، بۆ ئەوانەی ڕوخساریان چوارگۆشەیە، پێویستە چاویلکەی بازنەیی، یان ئەوانەی چوارچێوەیان تیژ نییە، هەڵبژێرن، بۆ ئەوانەش کە ڕوخساریان خڕ و بازنەییە، دەبێ چاویلکەی شێوە لاکێشە هەڵبژێرن.

# پشتێنەکان جلوبەرگ و جەستە ڕازاوەتر دەکەن




خشڵ و ئێکسسوارەکان جەستە جوانتر دەکەن، بە تایبەت ئەگەر خشڵەکە بە شێوەیەکی ڕێك لەگەڵ جلوبەگ و بەشەکانی دیکەی جوانکاری ڕێکبخرێت، پشتێن یەکێکە لەو کەرەستە ناسەرەکییانەی کە جەستە ڕێك و ناوازە نیشان دەدات، کاتێك جلێکی کراوەت لەبەردا دەبێ، ئەگەر پشتێنی لەگەڵ ببەستیت، ناوقەدێکی باریکت بۆ دەردەخات، پشتێنەکان لەگەڵ هەموو جلەکان دەگونجێن، لەوانە: پانتۆڵ، تەنوورە، عەزیی کورت و درێژ. پسپۆڕان دەڵێن: لە وەرزی بەهاردا دیارترین مۆدە تازەکان بە پشتێن بەند دەکرێن، چونکە پشتێن سەنتەری جوانیی جلوبەرگەکانت دیاری دەکات. مۆدەکانی پشتێن زۆرن، لەوانە: پشتێنی پان و تەنك، سادەی نەخشدار و تێکەڵ، لەگەڵ هەر جلێکیشدا پێویستت بە جۆرە پشتێنێکە تا لە هەموو بۆنە و یادەکاندا کەمەرێکی جوان و ناسکت هەبێت، سەبارەت بە شوێنی بەستنی پشتێنت، واجوان و چاکە، کە لە بەرزی جەستەدا بیبەستیت، وەك سەر ناوك و باریکایی کەمەر.







# یاری تۆپی پێ بە بێ یاسا و ناوبژیوان

تۆپی پێ، یارییەکی وەرزشیی گرنگە و ڕۆژانە بە هەزاران یاری ئەنجام دەدرێت، کەچی هیچیان وەك ئەو تۆپی پێیەی ناوچەی (ئاشبۆرن)ی باکووری بەریتانیا نین، خولی ئینگلیزی چەندە گرنگ و بەچێژە، کەچی ئەو یارییە دە هێندەی خولی ئینگلیزی بەچێژترە، ئەو یارییە لە سەدەی (١٧) ئەنجامدراوە، کە بە بێ یاسا بەڕێوە دەچێت، کەس بە کەس نییە، چەند گۆڵێك لە دووریی دوو تا سێ کیلۆمەتر لە یەکتر دانراون، هەرکەسێك بتوانێت گۆڵێك تۆمار بکات، خەڵات دەکرێت، ئەو تۆپی پێیە بە (ئاشبۆرن ڕۆیاڵ شرۆڤیتاد فوتبۆڵ) ناسراوە، یارییەکە لە نێو شەقام و شوێنە گشتییەکان دەستپێدەکات، هەموو خەڵك بۆی هەیە بەشدار بێت، ناوبژیوان و یاسا نییە، تەنیا ئەوەیە تۆپەکەت دەست بکەوێت و تا گۆڵ نەوەستیت، ئەو یارییە لە بەرەبەیان دەستپێدەکات و تا کاتژمێر شەشی ئێوارە بەردەوام دەبێت، ئەگەر تا ئەو کاتە گۆڵێك تۆمار بکرێت، یارییەکە تەواو دەبێت، ئەگەر کەس نەیتوانی گۆڵ بکات، یارییەکە تا کاتژمێر ١٠ی شەو بەردەوام دەبێت، بەشی ناوەوەی تۆپەکە لە تەپەدۆر دروست کراوە بۆ ئەوەی نەتەقێت و نەدڕێت، چونکە ڕەنگە لەو ڕۆژەدا بە هەزاران شووتی بەربکەوێت.

# کێکە سەرنجڕاکێش و ناوازەکان







کێك، ئەو شیرینییەی هەر چۆنێك بێت، خواست و حەزی هەموانە، جوانی و سەرنجڕاکێشیی شێوەی کێك بەندە بە لێهاتوویی ئەو خانمە، یان ئەو کارگەیەی دروستی دەکات، هەر بۆیە ساڵانە پێشبڕکێ بۆ دروستکردنی جوانترین کێك دەکرێت. ئەو پێشبڕکێیە لە ژێر ناوی (کێکی نێودەوڵەتی - International Cake)ە و لە وڵاتی بەریتانیا بەڕێوە دەچێت. هەر یەکە کێك و بەرهەمەکانی خۆی لەو نمایشە دادەنێت و جوانترین و ناوازەترین کێك دەبێتە خاوەنی نازناوی پێشبڕکێیەکە. کارگەی (nec) یەکێکە لە کارگە بەناوبانگەکانی دروستکردنی کێکی سەرنجڕاکێش، کە هەندێکیان لە شێوەی کێك دەردەچن و دیمەنێکی دیکە دەبەخشن، شێوەی کێکەکان زیاتر لە ئەکتەر و کارێکتەرە ناودارەکانی فیلم و کەسە بەناوبانگەکانی جیهان دەنەخشێندرێن، جگە لەوەی لە شێوەدا سەرنجڕاکێشن، هەروەها لە تام و بۆنیشدا جێگەی سەرنجی هەموان دەبن، مەرجی بردنەوەی نازناوەکە هەر تەنیا شێوەی کێکەکە نییە، بەڵکو تام و چێژیشی دوای ئەوەی دەخوردرێت خاڵی بۆ دادەنرێت و ئەنجامەکان دەردەکەون.



# فیستیڤاڵ و بۆنەکانی وەرزی بەهار لە کوردستان و جیهان

بە بۆنەی هاتنی وەرزی بەهارەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا فیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی هەمەچەشن ڕێکدەخرێت، لە کوردستانیش بە درێژایی چەند ڕۆژی ڕابردوو زنجیرەیەك فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و بۆنەی جۆراوجۆر سازکران، لەوانە: فیستیڤاڵی گوڵ و گوڵزار لە بەردەم پارکی شانەدەری هەولێر، ئاهەنگی گۆرانی و شایی کوردی لە باغی شار لە بەردەم قەڵا، کردنەوەی مەشخەڵی نەورۆز لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، یارییە ئاگرینە نایابەکانی ڕۆژی (٣/٢٠) کە ئاسمانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ڕازاندەوە، هەروەها کردنەوەی مەشخەڵی ئاگر و سەرکەوتن بەسەر چیا لە ئاکرێ و کردنەوەی پیشانگای جۆراوجۆر بە بۆنەی یادەکانی ئازار و نەورۆز، وێڕای دەرچوونی خەڵك بۆ گەشت و سەیران لە دەشت و دەر و چیا و کێوە بەرز و دڵڕفێنەکانی کوردستان، لە وڵاتی ئیسپانیاش سەیرترین فیستیڤاڵی خۆیان ئەنجامدا، فیستیڤاڵەکەی ئەوان بە ناوی (ئەنترۆدیۆ) بوو، کە لە ناوچەی (ڤیانا دۆپۆلۆ) لە شاری گالاسیان لە باکووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو، لە فیستیڤاڵەکەدا سەیرترین دیمەن تۆمارکران کە بریتی بوون لە: پێویستە خەڵکی ئەو ناوچەیە ماسك بپۆشن تا کەسانی دیکە نەیانناسنەوە، بەڵام ماسك بۆ گەشتیاران ئارەزوومەندانە بوو کە ماسك بپۆشن یان نا، تەپڵ لێدەرانی فیستیڤاڵەکە تا خوێن لە دەستیان نەیەت، نابێ لە تەپڵ لێدان بوەستن، خۆراك و خواردن بە خۆڕاییە، ڕەنگکردنی خانوو و باڵەخانەکان وەك ئەرکێك بە خەڵکی ناوچەکە دەسپێردرێت، هەروەها زۆربەی خەڵك لەو ڕۆژەدا بۆ ڕێنمایی و یارمەتیدانی گەشتیاران زەنگوڵێکیان بە دەستەوەیە. فیستیڤاڵی (نیس) لە وڵاتی فەڕەنسا کە زۆربەی سەمای کولتووری لەخۆ گرتبوو، فیستیڤاڵی (ڤینیس) لە ئیتاڵیا کە بە بەلەم بەڕێوەچوو، فیستیڤاڵی لۆسێرن لە سویسرا، کە ڕازاندنەوەی باڵەخانە کۆنەکانی لەخۆ گرتبوو، لە ئۆرۆگوای، کۆمەڵێك بە ناوی (کۆمبارسا) تەنیا گۆرانییان بۆ خەڵك دەگوت، لە بەڕازیل فیستیڤاڵی (بیلۆ هۆریزۆنیتی) هەیە کە یادی خواوەندەکانیان دەکەنەوە، لە بۆلیڤیا، ئافرەتان بە سەما پێشوازی لە خەڵك دەکەن.



## باڵەخانە سەیرەکەی وڵاتی هیندستان

لە سەراپای وڵاتانی جیهاندا باڵەخانەکان بە شێوە و رووکەشی ئەندازیاریی جۆراوجۆر بنیات نراون، هەندێکیان هێندە سەیرن کە بوونەتە جێی قسە و باسی خەڵك و دەزگاکانی میدیا، هیندستان و چین، بە وڵاتی سەیر و سەمەرە ناسراون، کە جگە لە نەریتە سەیرەکانی خەڵکی ئەو دوو وڵاتە، هەروەها چەندین حاڵەتی دیکەی لێ بەدی دەکرێت، وەك: باڵەخانەی (میناکشی) کە دەکەوێتە وڵاتی هیندستان، ئەوەی سەردانی ئەو وڵاتە بکات، سەردانێکی ناوچەی (مادۆراری) دەکات کە کۆنترین شاری ئەو وڵاتەیە و دەکەوێتە ویلایەتی (تامیل نادۆ) کە ئێستا وەك پەرەستگایەکی سەرەکیی وڵاتەکەیان دەناسرێت، چونکە تەواوی ئەو باڵەخانەیە لە پەیکەر دروست کراوە، جگە لەوەی ڕەنگاوڕەنگە، هەروەها دیمەنێکی سێگۆشەیی سەرنجڕاکێشی هەیە، مێژووی ئەو باڵەخانەیە بۆ سەدەی (١٧) دەگەڕێتەوە، هەروەها درێژترین تاوەریش لەخۆ دەگرێت کە (٥٠) مەتر بەرزە، ڕووبەری ئەو ناوچەی کە باڵەخانەکەی لێیە دەگاتە (٤٥) دۆنم، باڵەخانەکە بە ناوی (میناکشی ئەمان تیمپل) دەناسرێت و یەکێکە لە دەگمەنترین باڵەخانەکان لە جیهان.





## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات، کە وەك ئامێرێك بە دەستی کەسانی دیکەوەن، لەو کاتەی بیانەوێت قسە بکەن بە ڕێنمایی کەسانی دیکە قسە دەکەن و بەپێچەوانەش بێدەنگ دەبن.


## بۆ زانیاریت



### خەو و جوانی

توێژینەوەیەکی نوێی ئەڵمانی کاریگەرییە نەرێنییەکانی کەمخەوی دەردەخات و بە هۆکاری تێکدانی جوانیی مرۆڤی دادەنێت. پزیشکانی ئەڵمانی بەشدار لە توێژینەوەکە دەڵێن: کەمخەوی کاریگەریی نەرێنی لەسەر جوانیی ڕوخسار و لایەنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەیە، ڕوونیشی دەکاتەوە کە دەکرێت کەمخەوی ببێتە هۆی گرژی ڕوخسار و زوو تێکچوونی جوانیی پێست. بەڵام دەڵێن خەوی باش و دڵخۆشی پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەیە، بۆیە ئەوانەی کە زۆرتر دەخەون، ڕوخسارێکی جوانتریان هەیە و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تێکەڵترن.

پزیشکە ئەڵمانییەکان پێکەوە بەسترانی خەو و جوانی بە دیاردەیەکی ڕاستەقینەی پاڵپشت بە توێژینەوە زانستییەکان دەژمێرن، هەروەك دەڵێن جوانکاری، چاوڕەشکردن و خەندەی ساختە لەسەر ڕوخسار ناتوانن شوێنەواری کەمخەوی و بێبەشبوون لە خەو بشارنەوە. دەرەئەنجامی ئەو قسانەی سەرەوە تاقیکردنەوەیەکە لەسەر (١٢٧) کەس، کە بۆ ماوەی دوو مانگ شەوانە تەنیا چوار کاتژمێر و هەندێکی دیکەشیان زیاتر لە چوار کاتژمێر خەوتوون، دواتر بەراوردی ڕوخساریان کراوە، ئەوانەی زیاتر خەوتوون، زیان بە پێستی ڕوخساریان نەگەیشتووە، بەپێچەوانەشەوە ئەوانی دیکە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ڕوخساریاندا بەدی کراوە.



## فێلکاری چاو

لەم وێنەیەدا دوو کەس باوەشیان بە یەکدا کردووە، شێوەی قاچیان بە جۆرێکە کە پێویستە بەتەواوی سەرنجی بدەیت، هەوڵبدە فێڵکاریی وێنەکە بزانیت چۆنە و چییە، سەیریی وێنەکە لەوەدایە کە قاچیان پێچەوانەی یەکترە.



## بچووکترین کیسەڵ

گیانداران هەریەکە شێوە و قەبارەیەکی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان لە شێوەی سرووشتی و قەبارەی ئاسایی خۆیان دەردەچن و شێوەیەکی جیاواز نمایش دەکەن، وەك ئەو کیسەڵە بچووکەی کە هەر کەس دەیبینێت، بەزەیی پێدا دێتەوە و ئاگاداری دەبێت، ئەو کیسەڵە بچووکە ناوی (تانك)ە، درێژی تەنیا سێ سانتیمەترە، ئێستا ئەو کیسەڵە لە باخچەی ئاژەڵانی (هێردفۆشایەر) لە وڵاتی بەریتانیا لە ژێر چاودێریدایە، هەموو جۆرە خواردن و کەشێکی سرووشتیی بۆ دابین کراوە، تا قەبارە و شێوەی وەك کیسەڵێکی ئاسایی لێ بێت، ئەوەی سەیرە و بۆتە جێگەی سەرنجی خەڵك و گەشتیاران، کیسەڵەکە دەگرن و لەسەر و ناو لەپی دەستیان دادەنێن و وێنەی لەگەڵدا دەگرن. پسپۆڕان دەڵێن ڕەنگە ئەو کیسەڵە لەم قەبارەیە زیاتر گەشە نەکات و بۆ هەمیشە بەم چەشنە بمێنێتەوە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ئامانجەکانت ماوەیەکی دیکەیان پێویستە تا بەدی دێن، بۆیە نابێت پەلە بکەیت، هەندێك گرفت دەبنە بەربەست بۆ خەونەکانت، بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی تواناو خۆڕاگریتەوە چارەسەری پێویستیان بۆ دەدۆزیتەوە و دەتوانیت سەرکەوتوو بیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەم نزیکانە هەندێك هەواڵی گرنگ و دڵخۆشکەرت پێدەگات، لە داهاتوودا هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت و دەبێتە سەرەتایەکی تا ڕادەیەك نوێ بۆ دەستپێکی کارەکانت، تۆش بە باشی خۆتی بۆ ئامادە بکە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

خەمی داهاتووت نەبێت و لە ئێستای خۆتدا بژی، هەوڵی لەبیرکردنی کەسێك دەدەیت و پێت وایە ناتوانی لە بیری بکەیت، واباشترە هەوڵ بدەیت کاردانەوەی کەسی بەرامبەرت بزانیت، ئینجا بڕیار بدەیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

پەلە دەکەیت لە بڕیاردان، پێویستە ئارام و لەسەرخۆ بیت، ئەم ماوەیە کەسێك چاودێریت دەکات، ڕەنگە پەیوەندیی نێوان خۆت و کەسی بەرامبەرت زۆر بەهێز نەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زیاتر یەکترتان خۆش دەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی نێوانتان لە جاران بەهێزتر بێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەسێك هەیە زۆر بیری لێ دەکەیتەوە و خۆشت دەوێت و پێت نەوتووە، هەستی خۆتی پێ بڵێ، چونکە ئەو بەم هەستەی تۆ نازانێت، ئەگەر پێت وایە ناتوانیت بە خۆت پێی بڵێی، داوای یارمەتی لە هاوڕێیەکت بکە، یارمەتی کەسانی دیکە زۆر گرنگە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کەسێك لەگەڵت ناکۆکە، پێویستە تۆ یارمەتی بدەیت تا لێت تێدەگات، لەوانەیە لە ماوەی داهاتوودا یەکێك لە خەونەکانت ببێتە ڕاستی کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت، لە هەمان کاتدا پێشبینی دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا ئاسوودەیی و سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.



## پەند و وتە

هارۆکی مۆراکامی، نووسەری ژاپۆنی لە ساڵی (١٩٤٩) لە شاری کیۆتۆی ئەو وڵاتە لە دایکبووە، دەربارەی ڕۆژانەی ژیان دەڵێ: بەیانیان خۆشترین کاتەکانی ژیانە، چونکە دەستپێکی ڕۆژێکی نوێیە، وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەداوە، لە نیوەڕۆدا بێتاقەتی و خەو و خەم دەتگرێت، کاتێکی ناخۆشە و هەر کاتژمێرێکی بە ساڵێك دەڕوات، لە کاتی خۆرئاوابوونیشدا تاریکی و شەو دێتە بەرچاوت و ترس دادەگرێت، بۆیە بۆ ئەوەی بە خۆشی بژی، سەیری کاتەکانی ڕۆژانەت مەکە و وا دایبنێ کە هەموو کاتێك بەیانییە.

## نوکتە



یەکێك تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە دەبێت، خۆی دەگەیەنێتە لای دکتۆرێك و بە دکتۆر دەڵێت: تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووم.
دکتۆرەکەش دەڵێت: لە کەیەوە هەست دەکەیت تووشی ئەو نەخۆشییە بوویت؟
نەخۆشەکەش دەڵێت: کام نەخۆشی؟

## پوختەی فیلم



**ئێمە – US**

درامایەکی پڕترس و شانۆییە، لە ساڵی (٢٠١٩) بەرهەمهێنراوە، باس لە خێزانێك دەکات کە سەرۆکی خێزانەکە ئافرەتێکە بەناوی (ئەدیلاد وێلسن)، کاتێك بۆ خانووە کۆنەکەیان دەگەڕێنەوە کە تەمەنی منداڵیی لەوێ بەڕێ کردووە، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی دەبن، لەو خانووەدا تووشی کۆمەڵێك تارمایی دەبن کە دەیانەوێت ئەو بنەماڵەیە لەو خانووە دەربکەن، تارماییەکانیش دیار نین، تەنیا لەو کاتە نەبێت کە ماسکێکی منداڵی هەیە و لە ڕوخساری دەکات، تارماییەکان دیار دەبن، فیلمەکە لە هەرسێ وڵاتی (ئەمریکا و ئەڵمانیا و بەڕازیل) وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (جۆردان پیلێ)یە، بودجەی فیلمەکە (٢٠) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (لۆپیتا نیانگ) و (وینستۆن دیك و ئەلیزابیت مووس)ە.

## سابوونی کۆن



مێژووی دروستکردنی سابوون بۆ ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو کەرەستەیە لە وڵاتی ئوسترالیا بوو، سابوونی ئەوکاتە جۆرێك بووە لە چەندین کەرەستەی جۆراوجۆر دروست کراوە، لەوانە: ڕۆنی گوێزی هیندی، وردە دار، داری برنج، بیبەری ڕەش و تیژ، سیلیکۆنی بۆگەن کراو، ئەو جۆرە سابوونە لە ساڵانی (١٨٨٧) دروست کراوە، بەم دواییەش کۆمپانیایەکی دروستکردنی کەرەستەکانی پاککەرەوە لە وڵاتی ڕۆمانیا ئەو جۆرە سابوونەی دروست کردۆتەوە، کە هەمان شێوەی سابوونە کۆنەکەی هەیە، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو سابوونە ببێتە یەکێك لە بەناوبانگترین سابوونەکان لە جیهاندا.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کارێکی تازەت بۆ دەرەخسێت، تۆش تاڵییەکانی ڕابردووت لە بیر بکە و هەوڵ بۆ ئاییندە بدە، پێشبینی دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارەت دەست بکەوێت کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت، ئێستا پەیوەندیی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت وەك جاران نییە، چاوەڕوان بە بەهۆی یارمەتیی هاوڕێیەکتەوە پەیوەندییەکە ئاسایی دەبێتەوە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی باش هاتۆتە نێو ژیانت لە دەستی مەدە، بەخت دەبێتە هاوڕێت، بۆیە ئەوەی پێت وابوو زۆر سەختە، ڕەنگە بە ماوەیەکی کەم ببیتە خاوەنی، کەسانی خاوەنی ئەم بورجە پێویستە زۆر ئاگاداری وردەکاییەکان بن و متمانە بە هەموو کەسێك نەکەن.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ماوەی داهاتووت قورس دەبێت، چونکە بڕیارێکی گرنگت لە پێشە، لە زۆربەی بوارەکاندا هەست بە ئاسوودەیی و بەختەوەری دەکەیت، هەندێك لە هاوڕێکانت پێیان وایە ئەوانت لەبیر کردووە، پێویستە زیاتر هەوڵی بەهێز کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بدەیت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بە شێوەیەکی ڕەشبینانە سەیری ئاییندەت مەکە، کەسێك دەیەوێت یارمەتیت بدات، تۆش ڕێگەی بدە و خۆشحاڵیی خۆتی بۆ دەر ببڕە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا هەواڵێکی خۆشت پێدەگات و بۆت ڕوون دەبێتەوە کە دەکرێت زۆر دەستکەوتی گرنگ بە دەست بهێنیت، لەو ڕووەوە پێویستە گەشبین بیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ناکرێت بەم شێوەیە ئازاری هەستی کەسی بەرامبەرت بدەیت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت نەرمتر مامەڵە بکە، لە ڕابردوودا کەسێك زۆر تۆی خۆش ویستووە و هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون، بەڵام ئێستا ئەوت لەبیر کردووە، ڕێگا مەدە گرفتێکی بچووك کار بکاتە سەر پەیوەندییەکانت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کارەکانت ڕێچکەیەکی ڕاستیان گرتووە، وا باشترە هەڵە نەکەیت و هێمن بیت، کات زۆر درەنگە و لە بەرژەوەندیی تۆدا نییە، هەوڵبدە ئەو نهێنییەی ماوەیەکی زۆرە بەنیازی بە کەسی بەرامبەرتی بڵێی، قسەی لەبارەوە بکەیت، چاوەڕوان بە باری داراییت لە ڕۆژانی داهاتوودا باشتر دەبێت.